ئەیاد عەلاوی هانا بۆ ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبات

ئەیاد عەلاوی سەرۆکی ئیئتلافی عێراقییە داوای لە واشنتۆن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردوە تا لەو تەنگژە سیاسییەی کە عێراق تێیکەوتوە، رزگاری بکەن.

ئەیاد عەلاوی لەمیانی وتارێکیدا کە لەرۆژنامەی (شەرقول ئەوسەت)ی لەندەنیدا بڵاویکردوەتەوە، داوای لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتوەکان کردوە تا لەو تەنگژە سیاسیەی کە عێراق تێیکەوتوە، پێش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق،رزگاری بکەن .

ئەیاد عەلاوی کەلیستەکەی 91 کورسی پەرلەمانی لەهەڵبژاردنەکانی مانگی ئازاردا بەدەستهێناوە، خواستویەتی کە عێراق لەژێر بەندی حەوتەمی نەتەوەیەکگرتوەکان دەربهێنرێ و کایەی سیاسی وڵاتەکەیش لەتایافەگەری رزگار بکرێ.

هەڵبەت خواستەکەی ئەیاد عەلاوی لەلایەن نوری مالکی و ئیئتلافی دەوڵەتی یاساوە بە نارەوا دادەندرێ و بەوە لێکدەدرێتەوە کە دەخوازرێ وڵاتانی دەرەکی دەست لە کاروباری نێوەخۆی عێراق وەربدەن، بەوهۆیەشەوە رەتی دەکەنەوە. پێشتریش چەندی جاری دیکە ئەیاد عەلاوی و هاورێکانی بەو شێوەیە داوایان لە وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپی کردوە تا گوشار لەسەر دەستەڵاتدارانی ئێستای عێراق بکەن تا پۆستەکانیان جێ بهێڵن و مل بۆ ئاکامی هەڵبژاردنەکانی 7ی مانگی ئازاری ئەمساڵ بدەن.

سەرکردەو گروپەکانی نا ئیئتلافی ئەلعێراقیە پێیانوایە کە بەپێی دەستوور دەبێ سەرکۆمار لە دەستپێکدا سەرۆکی ئیئتلافی ئەلعێراقیە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ رابسپێرێ، چونکە ئەوان زۆرترین کورسیان بەدەست هێناوە، بەڵام هەرچی ئیئتلافی دەوڵەتی یاساو ئیئتلافی نیشتمانین پێیانوایە بەیەکگرتنی هەردووکیان ئەوان زۆرترین کورسیان دەبێ، بۆیە دەبێ سەرکۆمار کاندیدی ئەوان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ رابسپێرێ.

تەنگژەی پێکهێنانی کابینەی حکومەت رەوشی عێراقی بەرەو ئاڵۆزی و نائارامی بردەوە، بۆیە ئێستا وا پێشنیار کراوە کە هەریەک لە لیست و ئیئتلافەکان کاندیدی خۆیان لە نێو پەرلەمانی عێراق دیار بکەن، کامەیان زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا، سەرکۆمار ئەو کاندیدە وەک سەرۆکوەزیرانی داهاتوو بناسێ و بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت رابسپێرێت.

دواییەن داوای ئەیاد عەلاوی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرچاوەی لە نیگەرانی و نائومێدیەوە گرتوە، بە هانابردن پێوانە دەکرێ، بەڵام وێڕای ئەوانەشەوە بەختی ئەیاد عەلاوی بۆ گەیشتن بە پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران زۆر لاوازە، چونکە هەردوو ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا کە 89 کورسی و ئیئتلافی نیشتمانی عێراقی کە 70 کورسی هەیە، لە دواییەن وێستگەدا یەکدەگرن و ئیئتلافێکی نوێ پێکدەهێنن، ئەوکاتە ئەگەر دادگەی باڵای عێراق ئەرێنی پێبدات، سەرکۆمار ناچار دەبێ کە کاندیدی ئەو ئیئتلافە نوێیە بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ رابسپێرێ.

هاوکاری و هاوهەنگی نێوان هەردوو ئیئتلافی دەوڵەتی یاساو نیشتمانی عێراقی سەرچاوەی لەوە گرتوە کە زۆرینەی پێکهێنەرانی ئەو ئیئتلافانە هێزی شیعەن، ئەوانیش رێگەنادەن کە ئیئتلافی ئەلعێراقیە کە بە ئیئتلافی سوننەکان ناسراوە سوننەکاندا، هێزە شیعەکان بە ناچاریەوە هانایان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دەبرد، سوننەکان بە کرێگرتە ناویان دەهێنان، ئێستاش کە ئیئتلافی ئەلعێراقیە هانا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبات، شیعەکان بە کرێگرتە ناویان دەبەن، بەوهۆیەشەوە گونجان و رێککەوتن لەنێواندا سەخت و دژوارتر بۆتەوە. راستیەکەشی ئەگەر سوننەو شیعەکان لەنێوان خۆیاندا رێک بکەون لەوانەیە شوێنێک بۆ کورد لە دەوڵەتی ناوەند نەهێڵنەوە. هەر ئەمەش وایکردوە کە ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانیەکان هۆشیارانە رەفتار دەگەڵ ئەو ئیئتلافانەدا بکات و کارێکی وا نەکات کە لە پێکهێنانی حکومەت دوور بخرێتەوە، چونکە وەک چاودێران بۆی دەچن، لەم قۆناغەدا کوردستانیانیان پێویستیان بەوە هەیە کە نوێنەرایەتیان لە دەوڵەتی ناوەنددا بەهێزوکاریگەر بێ. بەتایبەتیش بوونی کەسێکی وەک سەرۆک تاڵەبانی لە هەرەمی حوکم لە بەغداد وا دەکات کە داخوازی کوردستانیان فەرامۆش دەکرێ.

کوردستانیان چاویان لەوەیە کە ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانیەکان بەمەرج لەگەڵ ئیئتلافەکانی دیکە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ رێکبکەوێ. مەرجی سەرەکیش جێبەجێکردنی ماددەی 140 بێ، بەڵام زۆرێک لە چاودێران پێیانوایە هیچ یەک لە ئیئتلافەکانی سوننەو شیعە لە ئاکامدا ئەو ماددەیە جێبەجێ ناکەن.

ئێستا کە ئەیاد عەلاوی هانا بۆ واشنتۆن و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی دەبات، سەرەداوی هاوکێشەکان بەدیار کەوتوون. واتای ئەوەیە کە شیعەکان چالاکانەتر هەنگاو هەڵدەگرنەوەو ئاکامیش هەر ئەوان حکومەت پێکدەهێنن، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە کورد لەگەڵ ئیئتلافی شیعەکاندا رێکبکەوێ، چونکە چانسی شیعەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت لەپێشترە، دواتریش کەسانێکی نێو ئیئتلافی ئەلعێراقیە راشکاوانە دژایەتی لەگەڵ خواستی کوردستانیان دەکەن. هەندێکیان زۆر سەرسەختانە دژایەتی جێبەجێکردنی ماددەی 140 و بەڕێوەبردنی ریفراندۆم دەکەن. ئەوەش وا لە کوردستانیان دەکات کە بە پارێزەوە سەیری رەفتارەکانی ئێستای سەرکردەکانی ئیئتلافی ئەلعێراقیە بکەن، چونکە ئەگەر ئێستاش بەڵێنی جێبەجێکردنی ماددەی 140 و یەکلایی کردنەوەی کێشەی جێناکۆکەکان بدەن، لە ئاکامدا بەو پەیمانە پێبەند دەبنەوە کە لە کاتی دروستکردنی ئیئتلافی ئەلعێراقیە داوایانەو مەرجیان ئەوەبووە کە رێ بە گێرانەوەی کەرکوک و ناوچە دابراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان نەدرێ.

سەربەست کانەبی

بەرەی تورکمانی داوای هێزی تایبەت بە تورکمان دەکات!

رۆژی 19-6-2010 ، بەرەی تورکمانی لە بەیاننامەیەکدا کە دانەیەکی بە هەفتەنامەی **رۆژی گەل** گەیشتووە، داوای لە حکومەتی بەغداد کردوە کە هێزێکی تایبەت بۆ پاراستنی ناوچە تورکمانیەکان پێکبهێنێ!

لەبەیاننامەکەدا هاتووە: بەرەی تورکمانی لە ساڵی 2007 و لە دوای کارەساتی ئامرلیەوە داوای لە حکومەتی عێراق کردوە کە هێزێکی تایبەت بۆ پاراستنی ناوچە تورکمان نشینەکان پێکبهێنێ، بەڵام لە دوای ئەوەدا چەندین جار ناوچەکانی تورکماننشین لە کەرکوک، توزخورماتو، داقوق، تازە و تەلەعفەر بوونەتە ئامانجی تیرۆریستان و بە سەدان کەس کوژراوو بریندار بوونە.

جێی ئاماژەیە کە بەیاننامەکەی بەرەی تورکمانی لەدوای ئەو پەلامارە تیرۆریستیەوە هاتووە کە رۆژی هەینی 18ی حوزەیران بەرەی تورکمانی دەیەوێ رەوتی رووداوەکان بەرەو ئاراستەیکی دیکە ببات، دەنا تا ئێستا چەندین جار گەرەکە کوردیەکانی کەرکوک، دوزخورماتوو، موسڵ و خانەقین و شوێنەکانی دیکە کراونەتە ئامانج، بەڵام کوردستانیان داوایان نەکردوە کە هێزی تایبەتی کورد بۆ پاراستنی ئەو ناوچانە دروست بکرێ.

دەوڵەتی عێراق سوپای هەیە، هەرێمی کوردستانیش هێزی پێشمەرگەی هەیە، لەناو ئەو هێزانەدا هەموو نەتەوەکانی تێدایە. بۆ نموونە لەنێو سوپای عێراقدا عەرەب، کورد، ئاشوری و تورکمان هەن، هەروەها لە ئایینزاکانی سوننە، شیعە، ئێزدی، سائیبە، کاسۆلیک و ئەرسۆدۆکس هەن، ئەو سوپایەش لەسەر ناوچەگەرێتی دانەمەزراوە، کەواتە هیچ پێویست بەوە ناکات کە لەسەر داوای بەرەی تورکمانی هێزێکی تایبەت بۆ پاراستنی ماڵە تورکمانەکان دروست بکرێ.

راستیەکەی‌شی ئەوەیە کە تیرۆر هیچ کەس و پێکهاتەیەک نابوێرێ، بۆیە دەبێ هەموان نەفرەتی لێبکەن، بەڵام هیچ گوندو شارۆچکەو شارێکی کوردستان و عێراق نیە کە سەرتاپای دانیشتوانەکەی تورکمان بێ، هەڵبژاردنەکانی رابردووش ئەو راستیەی دەرخست کە ژمارەی ئەندامانی بەرەی تورکمانی لە کوردستان و عێراق، بای کورسیێکی پارلەمان ناکات، کەواتە لە کێ و لە کوێ هێزێکی تایبەت بۆ پاراستنی ناوچە تورکمان نشینەکان پێکبهێندرێ؟!

ئاکۆ مەجید

کەرکوک: حکومەتی بەغداد کوردە فەرمانبەرەکان دەردەکات

لەرۆژانی رابردوودا ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ژمارەیەک رێنمایی توندی بۆ دورخستنەوەی ئەو کارمەندانە دەرکردوە کە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لە پارێزگای کەرکوک گەڕاونەتەوە سەرکارەکانیان. بەتایبەتیش ئەوانەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی رێگەوبانی کەرکوک گێڕدرابوونەوە.

بڕیارەکە نارەزایی زۆری لەمیدیاکاندا لێکەوتەوە، کەچی رۆژی پێنج شەممە رێککەوتی 24ی حوزەیران، وەزارەتی گواستنەوەی عێراق بڕیارێکی هاوشێوەی بەسەر کارمەندانی کۆمپانیای گواستنەوە لەکەرکوکدا جێبەجێکرد. هەرچەندە بڕیارەکە بەکەمکردنەوەی موچەی ئەو کارمەندانە دەستێ پێکردوە بەڵام پاشان فەسڵ دەکرێن و لەسەر کارەکەیان لادەدرێن. بەگوێرەی زانیاریەکان بەهۆی ئەو بڕیارەوە 150 کارمەندی کۆمپانیاکە کە هەموویان کوردن نانبڕاو دەکرێن.

لەو چوارچێوەیەدا کارمەندانی لقی کەرکوکی کۆمپانیای گواستنەوە لەنێو کۆمپانیاکەیان نارەزایی توندی خۆیان بەرامبەر بەبڕیاری کەمکردنەوەی موچەکانیان و پاشان دەرکردنیان لەلایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی عێراقەوە دەربڕی و بەبڕیارێکی نارەوا وەسفیان کرد، کارمەندانی لقی کەرکوکی کۆمپانیای گواستنەوە رونیان کردۆتەوە کەئەوان لەساڵی 1980ەوە کارمەندی ئەو کۆمپانیایەن و لەساڵی 1991 بەبڕیارێکی رژێمی بەعس بەهۆی کوردبوونەوە دەرکراون و لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق و بەدیاریکراوی لەدوای ساڵی 2004 ەوە بەپێی بڕیارێکی ئەمینداریتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق وەک دورخراوەی سیاسیی بۆ سەر کارەکەیان گێڕدراونەتەوە و ماوەی دورخستنەوەکەشیان بۆ ئەژمارکراوەتەوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر گەڕانەوەیان ، ئێستا بەبڕیارێکی وەزارەتەکەیان موچەکانیان کەمکراوەتەوەو پلەی وەزیفییان داگیراوەو لەهەمان کاتدا لەکارەکەیان دوور دەخرێنەوە.

کارمەندانی لقی کەرکوکی کۆمپانیای گواستنەوە بە مێدیاکانیان گووتوە کە ئەوان لەئەنجامی ئەو خزمەتەی کەهەیانە موچەکەیان لەنێوان 600 -700 هەزار دینارداید و بەپێی ئەو بڕیارە نوێیە موچەکانیان بۆ 150-250 هەزار دینار کەمکراوەتەوە.

کارمەندانی ئەو کۆمپانیایە دەرکردنیان بە درێژەپێدانی سیاسەتی بەعس دادەنێن، راشکاوانە دەڵێن: دەرکردنمان دووپات بوونەوەی بڕیارەکەی بەعسە کە لەساڵی 1991 بەهۆی کوردبوونەوە ئەوانی دورخستبۆوە. کارمەندە نانبڕاوەکان هیواخوازن کە نوێنەرانی کورد لە بەغداد پشتیوانی لە داخوازی ئەوان بکەن و کارێک بکەن کە هەم موچەکانیان کەم نەکرێتەوە، هەمیش بێکار نەکرێن.

بڕیاری کەمکردنەوەی موچەی کارمەندە کوردەکان و دەرکردنیان شرۆڤەی زۆر هەڵدەگرێ. من پێمویە لەلایەکەوە دەیانەوێ ژمارەی کورد لە پارێزگای کەرکوک کەم بکرێتەوە، لەلایەکی دیەکشەوە هەوڵی برسیکردنەوەیان دەدرێ. ئەوەش سەرچاوەی لە هەزری رەگەزپەرستی گرتوە.

جێبەجێکردنی بڕیاری دەرکردنی کارمەندە کوردەکان گەڕانەوەیە بۆ سێیەری ئەو دەستەڵاتەی کە دەیان ساڵ هاوێرکاری لەنێوان نەتەوەکانی عێراقدا درێژەپێدا. گەڕانەوەیە بۆ سیاسەتی بە عەرەبکردنی شاری کەرکوک و برسیکردنی رۆڵەکانی گەلی کوردستان. درێژەپێدانی هەمان سیاسەتی رەگەزپەرستانەی پێشوە کە سەرانی بەغدادو ئەندامانی حزبی بەعس دژ بە کوردستانیان پێڕۆیان دەکرد.

ئێستا وێڕای ئەوەی کە هێزە دەمارگیرەکانی عەرەبی عێراقی نکۆڵی لە کوردستانیبوونی کەرکوک دەکەن و هەوڵی مراندنی ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی دەدەن، کەچی حکومەتی عێراق کە بە پاڵپشتی کورد پێکهێنراوە، هەوڵی دورخستنەوەی کورد لە کەرکوک دەدات. ئێستا کە سەرتاپای کوردستانیان داوا لە ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانیەکان دەکەن کە بەمەرجی جێبەجێکردنی ماددەی 140 هاوپەیمانی لەگەڵ ئیئتلافەکانی دیکەی عێراقدا بکەن، کەچی بڕیاری رەگەزپەرستانە دژ بە کارمەندانی کورد لە کەرکوک دەردەچێ. لەوانە ئەو گوشارانەش بۆ ئەوەبێ تا ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانیەکان ماددەی 140 لەبیربکات و باس لە دەرنەکردنی کارمەندان بکات.

جەوهەر محەمەد